نمونەی من وئەوەی پێی نێردراوم لە هیدایەت (ڕێنمونی) وزانست وەکو بارانێکی بەلێزمە وایە کە ببارێت بەسەر زەویەکدا

لە ئەبی موسای ئەشعەریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «نمونەی من وئەوەی پێی نێردراوم لە هیدایەت (ڕێنمونی) وزانست وەکو بارانێکی بەلێزمە وایە کە ببارێت بەسەر زەویەکدا، هەندێک شوێن خاکی باش ونەرمی لێیە، بۆیە ئاوەکە (ئاوی بارانەکە) هەڵدەمژێت سەوزایی وگژوگیای زۆری لێدەڕوێت، وخاکی وا هەیە ڕەقە، ئاوەکە (ئاوی بارانەکە) لە خۆ دەگرێت، بۆیە خەڵکی لێی سوودمەند بوون؛ خواردیانەوە وبەکاریان هێنا بۆ ئاودانی ئاژەڵەکان وبەرووبومەکان، وهەندێک خاکی تر (تەختاییە) نە ئاوەکە لە خۆ دەگرێت ونە سەوزایی لەسەر دەڕوێت، ئەمیش (مەبەست نمونەی یەکەم ودووەمە) نمونەی ئەو کەسەیە کە لە ئاینی خودا تێگەیشت وئەم (پەیامەی) خودا لە ڕێگەی منەوە ناردی؛ سوودی بۆی هەبوو، بۆیە فێر بوو وخەڵکی فێرکرد، و(مەبەست: نمونەی سێیەم) نمونەی ئەو کەسەیە کە سەری بۆی بەرز نەکردەوە (واتا: خۆبەگەورەزان بوو لەوەی فێری بێت وسوودی بۆی هەبێت) وهیدایەت (ڕێنمونی) خودای وەرنەگرت کە لە ڕێگەی منەوە نێردراوە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

ئەوەی سوود وەردەگرێت لەو شتانەی کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی نێردراوە لە زانستی شەرعی وڕێنمونی وڕێبازێك کە دەیگەیەنێت بە داواکراو؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە سەرسوڕمانەوە چواندی بەو خاکەی کە بارانی بەسەردا دادەبارێت، ودابەش دەبێت بەسەر سێ جۆردا: یەکەم: خاکێکی پاك وچاك، ئاوی بارانەکە وەردەگرێت وڕووەك وگژوگیای تەڕ وشکی لێ بەرهەم دێت، وخەڵکی سوودی لێوەردەگرن. دووەم: خاکێکی تر ئاوی بارانەکە لە خۆ دەگرێت، بەڵام ڕووەك وگژوگیای لەسەر ناڕوێت، ئاوەکە لەخۆ دەگرێت بۆئەوەی خەڵکی سووی لێوەربگرن، ودەیخۆنەوە وئاوی ئاژەڵ وبەرووبوومەکانیانی پێدەدەن. سێیەم: جۆرە خاکێکی خاکی تر تەختایی ولووسە نە ئاوەکە لە خۆ دەگرێت ونە ڕووەك وگژوگیای لەسەر دەڕوێت، خاکەکە لە خودی خۆیدا سوودی لە ئاوەکە وەرنەگرت، وخەڵکیش سوودیان لێوەرنەگرت. ئەمانەیش نمونەی ئەو کەسانەن کە دەبیستن سەبارەت بەوەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی نێردراوە لە زانست وڕێنمونی. نمونەی یەکەم: نمونەی ئەو کەسەی کە لە ئاینی خودا تێدەگات، وکردەوەی پێدەکات، وخەڵکی تر فێر دەکات؛ وەکو نمونەی خاکە پاك وچاکەکە وایە لە ئاوەکەی خواردەوە وخۆی سوودی وەرگرت، وڕووەکی لەسەر ڕووا وخەڵکی تریش سوودیان لێوەرگرت. دووەم: نمونەی ئەو کەسەیە کە زانستی لەبەرە بەڵام خاوەنی تێگەیشتن ولێکدانەوە نییە بۆ ئەو زانستە، تەنها زانست کۆ دەکاتەوە، وهەموو کاتەکەی بۆ ئەمە تەرخان کردووە، بەڵام بە پێی پێویست کردەوەی سونەت ناکات، یان لەو زانستە تێنەگەیشووە کە لەبەریەتی؛ بۆیە وەکو کەرەستە وایە بۆ خەڵکی تر، وهاوشێوەی ئەو خاکەیە کە ئاو لەسەری جێگیر دەبێت وخەڵکی سوودی لێوەردەگرن. سێیەم: نمونەی ئەو کەسەیە کە زانست دەبیستێت بەڵام لەبەری ناکات وکردەوەی پێناگات ونایگوازێتەوە بۆ خەڵکی تر؛ بۆیە وەکو ئەو زەویە شۆر ولووسە وایە کە هیچ ڕووەکێکی لەسەر ناڕوێت وئاو لەخۆ ناگرێت یان ئاوەکە تێکدەدات وخەڵکی ناتوانن بەکاریبهێنن.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4233